# جەند دێڕیک لە سەر ڕۆمانی ((دەربار)) نوسینی خەسرەۆ جاف

خالد ئەمین

**عەبدولرەحمان مونیف لە زمانی (کۆلدریج)وە ئەڵی "ژیانی هەر مرۆڤێک چەن هیچیش بێت گەر بە ڕاستگۆیی بگێڕیەتەوە خۆشە"** عەبدولڕەحمان مونیف ئەمەمان بەم شێوە بۆ شی دەکاتەوە **"ئەم قسەیە بە مانای ئەوە دێ (هەر چەند قسەکە زۆر ئاشکرایە) بۆ ئەوە چێژ وەرگرین دەبێ دوو ڕەگەزی سەرەکی لە گێڕانەوەکەدا هەبێت، یەکەم ئەو شێوازەی–ژیان–ە کە پێدەگێڕدرێتەوە شێوازێکی هونەری بێت، دووەهەمیش ڕاستگۆیانە بێت بە ڕادەیەک هەر کەسێ گوێی لەو –ژیان– چیروک–ە بێت شتێک لە چێژی تیا هەست بکات، چۆنکە ئەگەر هونەر چێژی تیا نەبوو هونەر نیە ڕەنگە شتێکی سوود بەخش بێت وەکو مێژوو، ڕەنگە زانیارییەکی زیاتر بێت وەکو زانستەکان، لەوانەشە ئاموژگاری بێت بەڵام لە ئەنجامدا هونەر نیە و شتیکی ترە، ئەمە بێئەوەی لە بایەخ و پێویستی ئەو شتە بگۆڕێتەوە."** (تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان– مونیف – شیرین ک کروویە بە کوردی– لا پەڕەی 63)

با بزانین عەبدالرەحمان مونیف هەر لە هەمان کتێبدا سەبارەت بە ڕۆمانی مێژویی و ئەرکی ڕۆمان نوس چی ئەڵێت.

**"لایەنیکی ڕۆمانی مێژویی ئەوەیە کە مامەڵە لە گەڵ ئەو ڕووداوو زەمەن و کارکتەرە واقعیانەدا دەکات کە هەبوون بەڵام بە دیدێکی جیاواز، واتە ڕۆمانی مێژویی ناچار نیە هەموو ئەو وردەکارییانەی هاوکاتی ڕووداوێکی تایبەت بوون بە پێی زنجیرەیەکی سنووردار بیانهێنێتەوە و باسیان بکات بەڵکو ڕوودایک یان کومەڵێ ڕووداو هەڵدەبژێرێ کە بە لایەوە مانادارو بە بایەخترە"**

ژیان و بیر و بۆچونی مروڤ خاوەنی هەزاران ڕواڵەتی دژ بە یەک و جۆراو جورە. مروڤ کۆلێک بە کۆلیەوەیە کە هەر لە رئالیزم، سور رئالیزم، ئگزیستانسیالیزم ، ڕۆمانتیزم، و سومبولیزمەوە بگرە تا پوستمدرینزم تیدایە. تەنانەت مرۆڤی سادە و ساکاریش خاوەن یەکێک لەم بۆچونانەیە هەرچەند هەر نەیشی بیست بێت. ئەرکی سەرشانی ڕۆمان نوسە کە بە کەشفی داستانێک، نوسینێک و ڕۆمانیک هەرکام لەم بیرو بۆچونانە ئەگەر لە کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکەیدا بە دی دەکات بە بێ کەتمان و ڕاستگویانە بیانوسێت. کەتمان کردن لە بەشیکی ڕاستیەکانی کە لە ژیان کاراکتەرەکانی ڕۆماندا ڕوو ئەدا، وە بە پێچەوانە گەورە کردنی بەشێکیتر کە کەم بایەختترن هەر تەنیا لە بەر خۆ و حەز و فکرو بۆچونی ڕۆمان نوس بەهای نوسینەکە لە ڕادەبەدەر دائەبەزێنێ هەر چەند بە زوانێکی بەتوانا و لە قەڵەمێکی لێهاتووەوە وەشیاو بێت.

من وەک ڕۆمان خوین چاوەڕوان ئەکەم کە ڕۆمان:

یەک؛ تینویەتی (عاطفی) من بشکێنێ بە بەیانی جوانیەکانی سروشت، هەستەکانم ببزوێنێ، هانمدا کە لەمە جوانتر سەیری سروشت بکەم.

دوو؛ زانیاری من لە سەر حەقیقەت، سروشت، جوانیەکانی سروشت و مروفایەتی زیاد کات و پەرە پێبدات. جەهلو نەزانی لە ناو بەرێت، بەرم بگرێ کە نەخزێم بەرەوە خۆو ڕەوشت و کردەوەی ناپەسەنەوە. هەروەها ئەو خۆو ڕەوتو کردەوەی نا مرۆڤانەم پێ پیشان دات.

سێ؛ ئەركی ڕۆمانە من بە شوێن خویدا بكێشێت بۆ هەموو كون و قوژبنی ڕۆحی شاراوەی مرۆڤەكان. ئەگەر ڕۆمان تەنیا ئەوشاتانە باس كات كە منی خوێنەر ڕۆژانە لە ژیانمدا بەر هەڵستیان دەبم كارێكی گرینگی نەكرەوە. هەستەكانی من نابزوێنێ چون بە بێ ڕۆمانەكەش ئاشنام لە گەڵیان و ڕۆژانە چەندین جار ڕووبەڕوویان دەبمەوە.

چوار؛ ئەركی ڕۆمانە لە منی خوێنەردا هەزاران پرسیاری فەلسفیی درست كات بۆ پەێ پێ بردنو زانینی حەقیقەتی مروڤ، سروشت، و ئەسراری تر.

ڕۆمان ئەگەر لە داویدا بارسای زانیاریەكانی منی قورستر نكرد بێت، نەمی خستبیتەو بیركردنەوە و پرسیارەوە، تەنیا وەک لایەلایە بۆ خەو لێكەوتن باشە. ڕۆمان ئەبێ خوێنەرەكەی بباتە ناو قوڵای دژیایەتیەكان، دژواریەكانی، پێچوپلۆچی ژیانەوە و بارە پوزتیڤ و نگەتیڤەكانی بنوێنێ و پێشانی خوێنەری بدات. ئەبێ لوجیكی (منطق) ئەم هەموو جیاوازیە وەک یەكێک لە ڕازە كەشف نەكراوەكانی مروڤایەتی پێشان بدات و هەر هیچ نەبێت خوێنەر والێ بكات بۆخۆی بڕوات بە شوینیدا و تێكۆشێت بۆ كەشف كردنیان. (بە گۆڕانكاریەوە ئیقتباس كراوە لە هەمان سەر چاوە چەن نوسراوەی تر لە بارەی ڕۆمانەوە)

ئایا "ڕۆمان"ی "دەربار" ئەم مەرجانەی تێدا گونجاوە، ئایا ئەتوانین بەم نوسراوەی خەسرەۆی جاف بڵێین ڕۆمان؟ بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارانە باش وایە كە بە وردی سرنجێک بدەین لە "ڕۆمان"ەكەو ناتەواویەكانی بخەینە بەر دەمی خوێنەرانەوە بۆ داوەری و قەزاوەت.

ڕەنگە زۆر ڕۆمانخوین ببن كە بویان گرینگ نەبێ ئەو ڕۆمانەی كە بە دەسیانەوەیە و دێخویننەوە لە چە بابەت ڕۆمانێكە و ئایا ئەو مەرجانەی تێدایە كە پێ بڵێین ڕۆمان؟ هەر لە همان كاتدا ڕۆمان خوینەرانی تریش هەبن كە بۆیان گرینگە ئەوەی كە ئەیخوینەوە، ئایا مەرجەكانی ڕۆمانی تێدایە؟ لە چە بابەت ڕۆمانێكە و ڕۆماننوس كام شێواز و داب و نەرتی لە ڕۆمان نوسیندا هەڵ بژاردوە؟ ئایا تێدا سەركەوتە یان نە؟

كاتێ كە دەسم كرد بە خۆیندین "ڕۆمانی (دەربار)" هەر لە سەرتاوە زانیم كە ئەم كتێبە پەیوەندی هەیە بە مێژوی ئێرانەوە. هەر چی زۆرتر ڕۆیشتمە پێشەوە، هەستم ئەكرد ئیدی ڕۆمان ناخوێنم بەڵكو خەریكم كتێبێكی میژویی ئەخوینم و ڕوداوە مێژوویەكانی سەر دەمی لاویەتی خۆم بە شێوەیەكی ئاشۆ و پاشۆ سەیر دەكەم. كە دەستم كرد بە بەرگی دووهەمی "ڕۆمان"ەكە، ناچار بووم كە بگەڕێمەوە بۆ بەرگی یەكەمو سەر لە نوێی بە دیدێكی كراوەترو وریاتر لە جاری پێشو بیخوێنمەوە.

ئەیستا كە "ڕۆمان"ەكەم تەواو كردوە. ئۆقرەم لێ براوە و خۆمم پێ ڕاناگیرێت كە بێ دەنگ بمو لەم چەشنە شیرینكاریە (خەسرەۆ بەگی جاف) چاو پۆشی بكەم. لە بەر ئەوە هەر هێچ نەبی خەڵكێ كە ئاگایان لە ڕۆداوەكانی ئێران نیە وە ئەم كتێبە ئەخویننەوە ڕەنگە یەک لایەنە بڕۆنە قازی و بڕیار بدەن بە سەر خەباتی چەندین ساڵەی گەلێكی مەزلۆم كە بۆ ئازادی و ڕزگاری بە هەزاران ڕۆڵەیان

له ژێر ئەشکەنجه و ئازاردا کوژران و یا بێ ناو نشان فڕه دریانه کەناویەکەوه و کەس پێیانی نەزانی. یا بە حوکمی بەناو "دادگاکانی" شا و ڕژێمی ئیسلامی تیرباران کراون و له سێ داره دران.

جەنابی خەسرەۆی جاف بە پێی ئەو باگراونده کە لە بنامەڵەی داوود بەگی جاف بە ئێرس پێی گەیشتوه بە ئەرکی خۆی زانیوه کە ڕێگای باو با پیری خۆی بەرنەدات. تازمانێ کە ئەم بنەماڵه دەسیان ئەچو ، زەمانێک کە داوود بەگ و جەلال بەگ و سالار بەگ و سەردار بەگی جاف دەستییان ئەڕۆیشت لە ساواک و (دایرەی ئەمن و استخباراتی بەعسیەکاندا) خەبات گێران، ڕۆشنبیران و پێشمەرگەکانی کوردستانیان بە زۆر و بگرەو ببنده و بکوژه لە ناو دەبرد. ئیستا کە ئەو دەسەڵاتەیان نەماوه ئەم بەگزاده جافه حەڵاڵزاده کەلاریه ئەبێ خەبات گێڕانو شۆڕش گێڕان کوردستانو ئیران لە ڕێگای نوسینی "ڕۆمان"ێکەوه خراپ کاتو بە نوکی قەڵەمەکەی بەد ناویان کاتو مێژوی چەند گەلو هەزاران ڕۆلەی شۆڕشگێڕ ئەو گەلانه بباته ژیر پرسیارەوه و بیان ڕوخێنێ و بە دۆڕاویان دانێ و بێ ئابڕویان کات.

پێویست ناکات کە بترسین لەوه کە پەڕتوکێکی بێ مانا و پڕ لە درۆ و دەلسەی وەک کتێبی ((دەربار)) بتوانێت کارێکی وا بکات! (چون هێچ نەبێ هەم گەلانی ئێران بنەماڵەی جافەکانی کەلار و سالار جاف ئەناسن وهەم خەسرەۆ جاف بۆ خۆشی پێشینەی هاوکاری لە گەڵ بەعس و سەدام کەم نیه، هەروەها، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان ئاغای جاف چاک ئەناسن کە له دوای شۆڕشی ئێران چۆن ڕای کرده باوەشی سەدام). بەڵکو ترسمان لەوەیه کە ئەم چەشنه نوسینه ببێته بابەت و ساواکیەکان و بەعسیەکانی تریش دەست بە کار بن و بە پارەی گەلی کورد نوسراوەکانیان دژ بە مێژوی خەباتی گەلان لە چاپ بدرێت.

بە گۆێرەی فکرو بۆچونی عەبدوڕحمان منیف، ئەوانه کە ڕومانی مێژوی دەنوسن مبەستیان دوپات کردنەوەی ڕووداوەکان نیه. ئەوه ئەرکی سەرشانی مێژو نوسانه، بەڵکو بە هەڵ بژاردنی کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوی ئەیانەوی ڕابووردو بکەنه ڕێبازێک بۆ داهاتوو. (بڕوانه هەمان سەر چاوه) بەڵام نوسەری وەک خەسرەۆ جاف بە پێچوانه ئەیەوێت ئەو ڕێبازە لە ناو بەرێت وە بە جۆرێک بیاندا لە قەڵەم کە خەڵک پیا نە ڕۆنەوه! وە ئەگەر کەسانێک هەڵیان بژارد هەر وەک چۆن لە "ڕۆمان"ەکەی ئاغای جافدایه هەڵبژێرن نەک وەک واقعیەتەکان و ڕاستیەکان چۆن هەبوون.

بەڵام ئەگەر لە هەموو ئەمانه بگەڕێن وە **"خوانه خواسه"** دان بەوەدا بنێن کە ئەم نوسینەی خەسرەۆ جاف ڕۆمانه، ئەبێ وەک ڕۆمان باسی بکەین و ڕەخنەی لێ بگرین. هەر چەند من لێرەدا خۆم بە گوناەکار ئەزانم کە ناچارم بەم چەشنه نوسینه بڵێم ڕۆمان. بەڵام هەر لە بەر ئەوه بتوانم نەقدێک کە شایانی ئەو نوسراوه بێت بکەم بەڵکۆ توانیبێتم هەنگاوێکم هەڵ گرتبێت بۆ ئەوەی کە ئەم چەشنه نوسەرانه خۆیان لە نیو ئەدەبی کوردیدا کە خەریکه گەشه دەکات جێ نەکەنەوه، ناچارم لە سەری بنوسم ئەگرچی نوسراوەکەی خەسرەۆ جاف لە هێچ بارێکەو شایانی ئەوه نیه کە خۆتی پێوه خەریک کەیت. دیاره هەر لەبەر ئەوەشه کە تا ئیستا قەڵەم بە دەستان و ئەدیبه کوردەکان هیچیان لە سەر نەنوسیوه.

خەسرەۆ جاف لە مێژوی هاو چەرخی ئێراندا چەن ڕووداوی هەڵ بژاردوە. ئەم ڕووداوانە لە ساڵی 1960–61 وە دەس پێ دەکەن تا دوو سێ ساڵ دوای شۆڕشی ئیران لە ساڵی 1979 دا. یانی لە سالی 1982 و 83 دا کوتای بە ڕووداوەکانی ناو "ڕمان"ەکە دێنێ. ئەیمە ئەتوانین کە ئەو ڕووداوە مێژوانە کە لەم کتێبەدا هاتوون بەم چەشنە دەستە بەندی بکەین:

یەک: دابەش کردنی زەوی (اصلاحات ارضی)
دوو: پێکهاتنی هیزی پیشمەرگەو قوناغی نوێی خەباتی گەلی کورد.
سێ: جولانەوەی خۆینکارانی زانستگاکانی تاران
چوار: سەر هەڵدانی بزوتنەوەی چەک دارانە لە ئێراندا
پێنج: پێک هاتنی گروپێکی سیاسی کە ویستیان وەلیعەهدی ئێران برفێنن و زیندانیە سیاسیە کانی پێ بەردەن.
شەش: شورشی ئیران و سەر کەوتنی ئاخوند بە سەر شوڕشدا و بەر دەوامی خەبات لە کوردستان.

وەک دەزانین ئەم شەش ڕووداوە هاوکات ڕوویان نەداوە، هەر چەند بە شوێن یەکدا هاتوون بەلام هەر کام لەمانە هەر هێچ نەبێت چەند ساڵێکی لە گەڵ ئەوانیتر پاشو پێش هاتوون. لە ڕۆمانەکەی ئاغای چافدا هەموو ئەمانە هاوکات دەست پێ دەکەن و هاوکاتیش تەواو دەبن.

ئەگەر باسی ووردە کاریەکان و هەڵەی چاپی و ڕیزمان و گۆڕانکاری لە شیوازی نوسینی ئاغای جافدا بکەین ئەبێ ئیمەش دانیشین و هەشت بەرگ لە بارەی (دەربار)ی ئاغای جافەوە بنوسین. هەر لە بەر ئەوە من بە کورتی بە چەندانەیەک لەوانە ئاماژە دەکەم. وەک فارس دەڵین مشت نمونەی خەرواره.

**دزی ئەدەبی و فەرهەنگی**

ئەو دزیێە ئەدەبی فەرهەنگیە کە ئاغای جاف بێشرمانە ئەنجامی داوە و گۆێچی لە حانەی خەواندوەو تەنانەت زەحمەتی بە خۆی نداوە لە شوێنکدا بنوسێ (بە اقتباس لە فیلمی گاو). ئەمەیە:

ڕوان شاد غلام حوسینی ساعدی نوسەرو خەباتگێری بەناو بانگی ئێرانی کۆمەڵێک چیرۆکی کورت کورتی نوسیەوەو لە کتێبێکدا بە ناوی (عزاداران بیل) بلاوی کردەوەتەوە. یەکێک لەو چیروکانە (گاو) واتە مانگایە کە بە یارمەتی فیلمسازیکی بە توانا بە ناوی (داریوشی مهرجویی) کرا بە فیلمێک هەر بەوو ناو. لەو فیلمەدا باشترین و کەڵە ئاکترەکانی ئێرانی وەک (عزت الله انتظامی و علی نصیریان) یاریان کردوه. ئەم فیلمە جگە لە چەند جایزەی سینەمای ئێران لە ساڵی 1971دا لە شیکاگۆ جایزەی هۆگۆی نوقەرەی بردوه.

چیرۆکی "گاو" بەم جورەیە. لە دیهاتێکی ئیران کابرایەک بە ناوی (مەش حەسەن) مانگایەکی هەیە کە زیاتر لە ژنو منداڵەکی خۆشی دەوی. (مەش حەسەن) بۆ ئەرکێکی گرینگ ئەڕوات بۆ شار تا

دێتوه مانگاکەی مار پێوه ئەدا خەڵکی ئاوایەکە بۆ ئەوه (مەش حەسەن شێت نەبێ و لێی نەقۆمی) بەیەکەوه ڕاوێژ ئەکەن کە لاشەی مانگاکە بخنە بیریەکەوەو بڵێن دزی فلان شوین هاتوەو مانگاکەی دزیوەو ئیمەش لە کات و ساتی خۆیدا ئەڕۆین تۆڵەیان لێ دەکەینەوەو مانگەش دێنینەوە. بەڵام (مەش حەسەن هەر شێت دەبێت)و ئەخری ئەمرێ.

لە "ڕۆمان"ەکەی ئاغای جافدا ڕۆسەم زاغی هێسرێکی هەیە، هەر وەک مەش حەسەن ئەویش ئەڕوا بۆ شار. تا ڕۆسەم دێتوه مار ئەدا بە هێسروەو هێسر ئەتۆپێت خەڵکی ئاوای لە بەر ئەوه ڕۆسەم شێت نەبێت لاشەی هێسر ئەخەنە بیرێکەوه و هەمان بە سەرهاتی فیلمی گاو چون لە فیلمەکەدا هاتوه لە ڕۆمانەکی جافدا دووپات کراوەتەوه. من ناوی ئەمە ئەنێم دزی فەرهنگی و ئەدەبی.

**خەباتی پێش مەرگایەتی؟ یان چەتەگەری؟**

پاڵەوانی یەکەمی "ڕۆمان"ی "دەربار" کابرایەکە بە ناوی "ئەولکەریمی سەعیدی بەناوبانگ بە ئەوکە شامار" نوسەری "دەربار" دوو کاراکتری جیاوازی داناوه بۆ ئەم کابرا، کاراکتری یەکەم ئەوکە شامار کابرایەکە کە خەڵکی گوران ڕێزی بۆ دا ئەنێن، سکاڵای خۆیان ئەبنە لای، ناوجی کەریانە لە هەموو ناکۆکیەکانی نێوان خەڵکی ناوچەکەدا، لە گەڵ یەکەم بنکەی پیشمەرگەی کوردستانی عێراق لە ناوچەی بەمۆ "سەرتەک" پێوەندی هەیە، پرسیان پێ دەکات، بایەخ ئەدا بە کوردایەتی و ئەو ئیشانە کە بزانێت ناوی پێشمەرگەی پێ خراپ دەبێ نای کات، ئەگەر بیەوێت هێرش بەرێتە سەر پاسگایەکی ژاندارمری ئێران لە پێشدا پرسو ڕای پیشمەرگەکانی سەرتەک ئەکات. ساواکی ئیران بە دوایەویەو جایزەی داناوه بۆ کوشتنی.

کارکتری دوهەمی، ئەوکە شامار پیاوێکی قاتڵ، چەتە، تاڵانکەر و مەردم ئازارە. ئەم کارکترەیان زیاتر لە بیرو بۆچونی نوسەری "دەربار"دا بە دێ دەکرێت. چۆن لە دیالۆگی نیو کتێبەکەدا هەر کات کە نوسەر خۆی خەریکە باسی ئەوکە دەکات بەم چەشنە ئەیناسێنێت بە خوێنەرانی، بەڵام لە دەستی دەر ئەچێت و هەر کات کە خەڵکی تر باسی دەکەن ئەوکە ئەو کەسایەتیە کوردە خەباتگێریە.

**یەکێک لە کارکترەکانی ڕۆمانەکەی "دەربار" بێ سەرو شوێنە**

بەسەرهاتێکی تر لە ڕۆمانی "دەربار"دا، بە سەرهاتی کچیکە بە ناوی ژیلا کە ساواک لە ناو خیابانی تاراندا ئەیدزن و دەرمانی بێ هوشی ئەدەن بە لوتیا و لە کاتێکدا کە دوو کەس لە ساواکیەکان خەریکن دەس درێژی پێدەکەن فیلمی لێ دەگرن. دوایی کە دیتەوه هۆش فیلمەکانی پیشان ئەدەن و پێی ئەڵین ئەبێ هاوکاریمان لە گەڵدا بکەی کە بزانین کوڕەکەی هاوڕیت بە ناوی کامەران چی دەکات ئەگەر هاوکاریمان لە گەڵ نەکەیت ئەم فیلمانە بڵاو دەکەینەوه. (ئەوانە کە ئاشنایان هەیە بە دەم و دەزگای ساواکەوه ئەزانن کە ساواک ئەوندە قودرەتی هەبوو کە لەم کارانە نەکات و خەڵکیش وادار کات بە هاوکاری)

ئەم کچە تەواوی ژیانی لە ناو ڕۆمانەکەی خەسرەو جافدا ئەبێتە ژیانێکی سکسی زۆر قیزەوون (موبتەزەل) بە بی ئەوه بچوکترین پیوەنێکی هەبێت بە ڕۆمانەکەوه. نە ئەزانین کە ژیلا هاوکاری کرد

لە گەڵ ساواک یان نەی کرد. هەر وەها، خۆینەری "ڕۆمان"ەکە تا ئاخر بە تەمایە کە ژیلا لە شۆێنک سەر هاڵدا بزانین چی بە سەر دێت، بەڵام بە داخەوە ئاغای جاف خاوەنی ئەو بیروهۆشە نیە کە کارکتەرێکی بەناوی ژیلای دروست کردوەو سەرئەنجامی ژیانیمان پێ پێشاندات.

### ئەسەدوڵای عەلەم و "دەربار"

خەسرەۆ جاف تەنیا سەر لە خوێنەرانی (دەربار) ناشێوێنێت بەڵکو تەنانەت بۆ خۆشی سەری لێشیواوە بۆ نمونە، لە بارەی مردنی ئەسدالله عەلم وەزیری دەرباری شای ئیران لە کتێبی (دەربار)دا چەند جار باس ئەکرێت. جاری یەکەم لە بەرگی چوارەم لاپەڕەی 35 "لی لی خانم" بە فلامەرز ئەڵێت "تا ئاغای عەلەم مابوو" واتە ئاغای عەلەم مردوە، وە ئەمە 10 ساڵێک پێش ئەوەیە کە عەلەم بمرێت. بەڵام نوسەری کەم بیرو هوشمان لە بیری چوەتەوە کە ئەم کابرایەی مرانوە جارێکیتر لە بەرگی پێنجدا لاپەرەی 80 "لی لی خانم" بە فلامەرز ئەڵێ "وەک ئەزانی ئاغای عەلەم نەخۆشە" ئەمەش بە گوێرەی ئەسڵی ڕووداوەکە چەند ساڵ دوای ئەوەیە کە یەکەم جار "لی لی" ووتبوی عەڵەم مردوە. دیسان لە لاپەڕەی 90 بەرگی شەش "لی لی" بە "فلامەرز" ئەڵێت "تا ئاغای عەلەم مابوو یەکێک بوو لە داشی هەمیشەگی شا"

بەڵام با بزانین کە ئەم ئاغای عەلەمە چی بە سەر دێت ئەمرێت یان ئەمێنێت. لە بەرگی شەش لاپەڕەی 155 دوای ئەوە کە "لی لی خانم" بە تەلەفون سکاڵای دڵی خۆی بۆ فلامەرز دەکات کە چۆن دەورو بەرەکانی دەرباری شا دوژمنایەتی لە گەڵدا دەکەن خودا حافیزی دەکات و تەلفونەکە دوای پێ دێنێ، فلامەرز خەریکە قسەکانی "لی لێ خانم" لێک ئەدواتەوەو لە گەڵ خۆی و لە بەر خۆیەوە ئەڵێ "تیمسار ئەسیری ماوەیەک لەمەوبەر چووتە لای ئاغای عەلەم" واتە ئاغای عەلەم ماوە و نەمردوە. خەسرەۆ جاف لە بیری ئەچێت کێ و چی لە کویدا باس کردوە و چۆنی باس کردوە.
تێبینی:عەڵەم وەزیری دەربار لە 15 فەروردینی 1357 چەند مانگ پێش شۆڕشی ئیران مرد.

### دوو جۆر دیالۆگ لە ڕۆماندا

دیالۆگ لە ڕۆماندا دەورێکی باڵای هەیە. خوێنەری ڕۆمان لە ڕێگای دیالۆگی نیوان کاراکتەرەکانوە پەی ئەبات بە بیرو بۆچونی کارکترەکان، بە چەشنی ژیانیانو پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیانوە. جاری واش هەیە کە ڕۆمان نوس بۆ خۆی ناچارە لە ڕێگای دیالۆگی ڕاستەو خۆوە لە گەڵ خوێنەر بدوێت و زانیاری خوینەرانی بۆ تێ گەیشتن لە ڕۆمانەکەی بباتە سەروە. نەسەر ڕاستەوخۆ زانیاری لە سەر خۆ و ڕەوشت، چۆنیەتی هەمە لایەنەی ژیانی کارکترەکان، شیونەواری ژیانیان هەم لە باری مێژویەوە و هەر وەها لە باری جوغرافیە، ڕاستەوخۆ ئەخاتە بەر دەستی خوینەرانی ڕۆمانەکەی.

لە چەشنە دیالۆگی ڕاستەوخودا، ئەگەر ڕۆماننوس باسی کەسایەتێکی بەناوبانگی مێژوی، ئائینی و سیاسی دەکات و ئەم کارکتەرە خیاڵی نیە، ئەبێ شتەکانی تریشی واقیعی بن. نوسەری (دەربار) لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئەیوێت بە شیوەیەک شوێنی برێک لە ڕووداوەکانمان پێ بناسێنی تا خوێنەری "ڕۆمان"ەکە بڕواتە قوڵای بە سەرهاتەکەوە و پلەی زانیاریەکانی بڕواتە سەرەوە.

باوا یادگار و سەی براکە دوو (شەخسیەتی) گۆران و قەڵخانین، گومەتەو بارەگای سەی براکە لە ئاوای (شامی توو)دایە و باوا یادگار لە ڕێژاو، هەر چەند ئەم دوو پیرە لە یەک دوور نین بەڵام ناوچەکەیان بە ناو جیاوازن لە یەک. هەر وەها لە باری پلەی ئائینیەوە باوا یادگار پلەی بەرزترە لە سەی براکە. بۆ ئەوە دەستە خۆینەرانەی کتێبی (دەربار) کە شارەزای ناوچەکەن ڕۆن نیە کە نوسەر مەبەستی باوایادگارە یان سەی براکە؟! چون لە باری جوگرافیەوە خەریکە باسی ئاوای (شامی توو) دەکات کە ناوی ناوە (کانی توو) بەڵام لە هەمان کاتدا ئەڵی، "گومەتەی باوا یادگار" کە گومەتەی باوایادگار لە ڕێژاوە و دارتووش دای نە پۆشیەوە. بڕوانە لاپەرەی 6تا 8 بەرگی یەکەم.

نوسەرمان ئاغای جاف خەریکە باسی باری جوگرافی و مێژویی ئەو ناوچەو باوایادگار و ئاوای "کانی توو"مان بۆ دەدکات. چەشنی نوسین پێشاندەری ئەوەیە کە "ڕۆمان"نوس بۆ خۆی خەریکە ئەو زانیاریانە ئەخاتە بەردەم خوێنەر. بابزانین ئەم "ڕۆمان"ە زانیاریمان زیاد ئەکات یا چەواشەمان دەکات!

ڕەنگە نوسەری "دەربار" بڵێت من ئەوەم لە زوانی خەڵکی ناوچەکەوە نوسیەوە، بۆ ئەوە کە بیسەلمێنم نوسەر بۆ خۆیە کە ڕاستەوخۆ ئەو زانیاریە هەڵەگەلە ئەدا بە خوێنەر ئەبی تەواوی پاراگرافەکە بنوسمەوە. داوا دەکەم کە خوێنەرانی بەڕێزی ئەگەر "دەربار" ئەخوێنەوە جوان سرنج بدەنە لاپەڕی 7 تا 9 بەرگی یەکەم تا بویان ڕوون ببێتەوە کە نوسەری "دەربار"ە ڕاستەوخۆ لە سەر ناوچەکە و باری مێژویی و جوغرافی بۆ ڕوون کردنەوە لە گەڵ خوێنەرانی ئەدوێت و ئەو ئاگاداریانە کە لە سەر باوەیادگار و سەی براکەو و دار تووکە ئەی دا بیرو بۆچونی خویەتی نەک خەڵکی ناوچەکە.

ناچار دوو پاتی دەکەمەوە ئەمە نوسەرە کە لە گەڵمان ئەدوێت: "دەروێش و پەیڕەوان، لە هاوینا لە ژێر دارتووکەی بەردەمی مەزارا لێی پاڵ دەکەوتن.. سێوەری ئەو دارە زۆربەی حەوشی مەرقەد و دەوروبەری گرتوەتە خۆ، جگە لە نووکی تێژی مەزارەکە نەبێت لاسارانە لە تویەی چڵ و پەل و پۆی درەختەکە هاتووەتە دەرەوە، تەواوی گومەتەکەی داپۆشیوە و بەو بوڵەندییەوە دەنواڕێتە دۆڵی ڕێژاودا. ئەستووریی قەدی ئەو دارتووە سێ باوشە زەلام دەبێت. دەڵێن کاتێک نادر شای ئەفشار لە لەشکر کێشییەکەیدا بۆ سەر عیراق کە لە گەڵ ڕۆمەکاندا بەشەڕهات، هاتووەتە زیارەتی باوەیادگار و لە ژێر ئەو دارەدا حەساوەتەوە. خەڵکەکە بەرەکەی وەک دەوا و دەرمان و میوەیەکی پیرۆز وشک دەکەنەوە و دەست بە دەست دەکرێت." (دەربار، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 8) ئایا ئەم ڕۆن کردنەوەیە هی خۆی خەسرەۆ جافە یان کێ؟

خەسرەۆجاف لە فرهەنگۆکە کەیدا لە لاپەڕەی 197 بەرگی یەکەم لە پاڵ ناوی نادرشادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کتێبێکی لە سەر نادر وەرگێڕاوەتەوە. کەوابوو ئاگاداری مێژوی نادرشایە، ئەی بۆ ئەم زانیارە غەڵەتمان پێ ئەدا؟ هەر وەک وتمان ڕەنگە بڵێت لە زوانی خەڵکی ناوچەکەوە کە

خۆینەواریان نیەو لە مێژوی نادرشا شتێک نازانن ئەمە دەگێڕیتوە. بەڵام چەشنی نوسینەکە لە لاپەڕەی پێشەوە دەس پێدەکات و نوسەر بۆ خۆی خەریکە لە باری جوغرافیەوە ناوچەکەو چۆنیتی ژیانی ئاوای "کانی توو"مان پێشان ئەدا. هەر هێچ نەبێت ئەبوای پێش وشەی "دەڵێن" بینوسیایەت، وەک خەڵکی ناوچەکە "دەڵێن" وە یان (خەڵکی ناوچەکە وە یان دەروێشەکان بڕوایان وایە کە نادر هاتوتە ژێر ئەو دار توو،) تا ئەم گۆمانە لە سەر نوسەر لاچێت. هەر چەن ئەزانین کە لە هێچ کوێی ئێران نیە کە خەڵک نادرشا نەناسن و مێژویەکی زۆر کون نیە کە خەڵک نەزانن نادر قەت لە گەڵ ڕۆمەکان بە شەر نا هاتووە.

**نمونەیەکی تر لە زانیاری هەڵە:**

فڵامەرز و یاسەمین دەڕۆن بۆ کاشان و ئەم سەفەر لە لایەن کولیجی هونەرە جوانەکان ڕێکخراوە. دوای ئەوە کە قوم بە جی دێڵن ئەڕۆن بەرەوە کاشان بە "دەشتە کرکای کرکەی نێوان قوم و کاشان" تێ دەپەڕن، لە قاوەخانەیەک بە ناوی "سارا" دوای "دوو سێ" ساعەت ڕائەوەستن، چەند ماشینی تر لەوی دەبن کە ژمارەی ماشینەکان "بەسرە و بەغدای لە سەر نوسرا بوو" فڵامەرز بە هاوڕێکەی ئەڵێت ئەمانە زەوارن و لە عێراقە و هاتوون ئەڕۆن بۆ زیارتی مەعسومەی قوم. (ل– 59– جیلدی 1 (دەربار)) لە بیرمان نەچی کە "دوای دوو سێ ساعەت لە قوم بەرە کاشان" ڕوێشتوون.

یەکەم: قوم و کاشان 180 کیلومتر لە یەک دورن، "دوای دوو سێ سەعات" لە قوم بەرەو کاشان، ڕەنگە لە نیو سەعاتی کاشاندا لە قاوەخانەی "سارا" قارەمانەکانی "دەربار" ناچارن پشوێەک بدەن.
دوهەم: کاشان لە جنوبی شەرقی قومەوەیە.

لە تەواوی مێژوی "زەواردا" لە هەموو چەرخەکاندا زەواری ئێرانی و عێراقی لە قەسرو خانەقینەوە هاتووچوویان کردوە، واتە ئەگەر ئەو ماشینانە کە لە بەر قاوەخانەی "سارا" وەستاوون و ژمارەی "بەغداد و بەسرە"یان پیوەیە لە عێراقە هاتوون بۆ قوم ئەبوایەت لە قەسری شیرین بۆ کرماشان، بۆ هەمەدان و لە همەدانەو بۆ ساوە و لەوێشەوە بڕۆشتایەن بۆ قوم. بەڵام کەس نازانێ خەسرەۆ جاف ئەم زەوارە عێراقیانەی بۆ بە عەکسەوە ڕوانە دەکات بۆ قوم. ڕەنگە لەو کاتەدا خەڵکی بەغدا و بەسرە لە پێشدا سەریان لە کرمان و ڕەفسەنجانەوە دەر هێنابێ لە پاشان گەڕاونەتە دواوە بۆ قوم. وە یان ئەو زوارە ئەگەر وابێت کە لە "دەربار"دا هاتووە ڕێگایان لێ تێک چوو بێت و قوم و بارگای مەعسومەیان نەبینیەوە و بە جیان هێشتووە و ڕوێشتون بۆ کاشان و ئیستا ئەگەڕێنە دواوە.

**چۆن نوسەر لە بیری ئەچێت کە ڕووداوەکان لە کام کات و ساتدا باس کات**

ڕۆمانەکە کاتێ دەس پێداکات کە زەوی دابەش نەکراوە، عبدالکریم قاسم ڕئیس جمهورە، لە ناوچەی بەمو پێشمەرگە هەیە، لە شاری سلیمانی حزب پارتی جوڵانەوەی ئاشکرای نیە. هەر وەها ئەوەش دەزانین کە فەڵامەرز و یاسەمین دوو کارکترە ئەسڵیەکانی "ڕۆمان"ەکە لەم ساڵانەدا خوینکاری کولجی هونەرە جوانەکانن و لە تاران ئەژین. فڵامەرز و یاسەمین ئەندامی ڕێکخراوەیەکی سیاسین و دژ بە رژیمی شاە، بەڵام نازانین چەپن ئسلامین یان لە گروپە لیبراڵەکانی ئیرانین. فڵامەرز پێش ئەوە کولیج تەواو کات، وەک موهەندسێکی پەسەن کراو لە دەرباردا کار ئەکات.

ئەمانە هەموو سەرتای دەست پێکردنی ڕۆمانەکەیە.

ئەگەر واز لەوە بێنین کە ڕووداوەکانی بەرگی یەکەم و دوهەم چۆن پاش و پێش دەکەوەن هەێچیان نیە بە سەر هێچووە. لاپەرەی 125ی بەرگێ سێهەم تەنیا نوسراوە "چەند ساڵێک دواتر" با واز لەوەش بێنین کە وشەی چەند ئەتوانێ لە دوو بەرەوە ژوور بێت تا بێنیهایەت.

کاربەدەستێکی ساواک بە "ڕەحمان" ئەڵێت "قەید ناکا پێنج ساڵ بە سەرداچووە"(لاپەڕەی 179 بەرگی چوارەم) ڕۆمان نوسە بە فکرو هوشەکەمان جەنابی جاف لە بیری دەچێتەوە کە ئەمانەی نوسیەوە کە چێ لە لاپەڕەی 181 همان بەرگدا واتە دو پەڕە دواتر شابانوی ئێران بە بۆنەی تەواو بونی کاخی وەلیعەدوە ئەیەوێت جەزای "فلامەرز"  بداتەوەو کارێکیتری لە دەربارد‌ا پێ ڕاسپێرێت و ئەمەش یەکساڵی بە سەردا چووە. ئەگەر کاخی وەلیعەهدی ئێران قرارە بە یەک ساڵ تەواو ببێت، ئیتر چەنابی جاف بۆ ئەنوسی (چەند ساڵ دواتر)؟ یان بۆ ساوکیەکە بە ڕەحمان دەڵێت "پێنج ساڵ" تێپەڕیوە؟

یان نمونە باشتر "فلامەرز" ئەم قارمانە جافە کە ئەیوێت ڕەگ و ڕێشەی پادشایەتی لە ئێراندا نەمێنی لە بەردەم شابانوی ئێراندا چۆن ئەدوێت. ئەو هەموو ساڵە کە لە ڕۆمانەکەدا تێ پەڕیوە بە ساڵیک ئەژمێرێت. ئەڵبەت خەسرەو جاف لە بیری چووە نوسیویە "دوای چەند ساڵ"

"بەندە خۆم بە یەکێک لە سەرسوپردەکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی و فەرمانبەری ئەوامری مەلوکانەی شەخسی عەلاحەزرەت شاهەنشاە ئاریامیهر دەزانم"!؟ قارەمانە جافەکەمان بەردەوامە لە کاسە لیسی بۆ فەرح و ئەڵێت "چ بەختەوەرێک لەمە گەورەتر لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا ئەمە دوو جارە دەگەمە خزمەتت." با لەوە بگەڕێن کە هەڵەی ڕێزمانی تێدایە، بەڵام بە پێ ئەم نمونە ئەبێ هەر ساڵێک بە سەر ڕۆداوەکاندا ڕۆێشتبیت. واتە ئەم ڕۆمانە نوسە بە توانایە لە بیری نیە کە چۆن بەشەکانی ڕۆمانەکەی تەواوکات و گرێیان دات بە یەکەوە.

وەک وتمان سەرتای ڕۆمانەکە لە ساڵەکانی 1339–40ی ئیرانی بەرابەر بە 1960–61 میلادی دەستی پێکردوە. وەک ئەشزانین هەر لەم ساڵانەدا یاسەمین و فلامەرز خوێنکاری زانکۆی تارانن. بەڵام خەسرەۆ جاف زەحمەتی نەداوەتە خۆی بزانێ کە ئەم ڕووداوانە کە ئەو باسیان ئەکات پەیوەندیان هەیە بە یەکەوە یان نە؟ نزیکن لە یەک یان بە  10–12 ساڵ لە یەک دورن کە لە باری مێژوییەوە سەرتای ساڵەکانی 40 ئیرانی و دوایی 40کان زۆر لە یەک جیاوازن.

ئەگەر ئەمانەش بە بەڵگە ناناسین و ئەنێنە حەسێبی برێک "هونەری ڕۆمان نوسین" لە لایەن جەنابی نوسەرەوە، ئەی چۆن ئەتوانین لەم بەڵگەی خوارەوە چاوپۆشی بکەین؟ یەکەم کۆبونەوەی ئەم ڕیکخراوە سیاسیە لە لاپەڕی 23 بەرگی یەکەمەوە دەست پێ دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە فلامەرز و یاسەمین هێشتا لە زانکون، و سەرەتای دەست پی کردنی ڕۆمانەکەیە. بەر پرسی ئەو کۆبونەوەیە کەسێکە بە ناوی ئیرەج، لە باری بارو دوخی وڵاتەوە بۆ دانشتوانی کۆ بونەوەکە

ئەدوێت بۆ ئەوە ئەم ئاشوفتە بازاڕەی نوسەری "دەربار" ئاشکرا بکەین ناچارم سێ پارا گراف کە بە شوێن یەکدا لە زاری ئیرەج بەر پرسی کۆبونەوەکەو لە لاپەڕی 26–27 بەرگی یەکەم دایە بنوسمەوە. ئیرەج ئەڵێت:

"بەڵام هەڤاڵ مەنوچەهر وەستاکارانە دەنگدانەوی جەژنەکانی دووهەزار و پینج سەد سالەی هەلاجی کردووە و تیادا ڕوونی کردووەتەوە کە شا ئەو دەست بڵاوی و زەرق و بەرقەی باش بۆ تەواو نەبووە... چ لە لای تۆێژەکانی گەلی ئێرانەوە و چ لە لای گەلانی ئازادیخوازی دوور و نزیکەوە.

ڕیکخراوەی ئێمە دەبێت وەستاکارانە سوود لەو نارەزایەتییە ببات و وەک دەستە گوڵ بیقۆزێتەوە ئەوسا توێژی وردە برژوا و وردە مالکیش هاتوونەتە جووڵان و لەوەی دڵنیام لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاکامی ئەو نارەزایەتییانە لە زۆر جێگە و شوێن خۆیان وەدەر دەخەن.

دینە سەر ڕاپۆرتەکەی هەڤاڵ فەڵامەرز، ئەم برامانە بە وردی هەنگاوەکانی ئەم دوا دواییەی شای خستووەتە نێو تەرازووەوە و هەڵیسەنگاندووە، شا دەیەوێ چی بکا؟ دا بەشکردنی زەویوزار بە سەر جوتیارانا، تا چ ڕادەیەک ڕاستیی لە گەڵ خەڵک و خوا و خۆیدا دەکات؟"

کەسێک کە ئاگاداری مێژوی ئێران نەبێت و "دەربار" بخوێنێت ڕەنگە بە سەهل و سادە بە سەر ئەم سێ پاراگرافەدا تێپەڕی و گرنگییەکی وای نەبێت بۆی، بەڵام بۆ ئەوکەسانە کە ئاگاداری مێژوی ئەو سەردەمەی ئێرانن ئەم سێ پاراگرافەی سەروە وەک گاڵتە پێکردن بە خوێنەری "دەربارە" دێتە بەر چاو و لەو بڕوایەدام کە هەر لێرەدا "دەربار" بنێتە ئەولاوەو واز لە خوێندنی بێنێت. چۆن لە پاراگرافی یەکەم باسی جەژنەکانی دوهەزار و پێنج سەد ساڵە دەکەن لە کاتێکدا ئەم جەژنە لە ساڵی 1350دا بەر گوزار کرا. بەڵام لە پاراگرافی سێ هێشتا زەوی دابەش نکراوە و ئەمە 12–13 ساڵ پیش ئەو جەژنەیە.

کارەکەی فلامەرز ئەوەیە کە کوشکێ بۆ وەلیعەهدی ئێران دروست بکات. چۆن نەقشەکەی فلامەرز لە لایەن فەرح شابانوی ئێرانەوە پەسەند کراوە، بڕیار ئەدرێت فلامەرز کە هێشتا نەبوو بە موهندیس و ساڵێکی ماوە خۆێندن تەواو کات خۆی سەر پەرشتی دروست کردنی کاخی وەلیعەد بکات. وە ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە قەرار وایە کە ئەم کۆشکە یەکساڵە ئەبێ تەواو ببێت. وە هەموو ئەمانەش شەش حەوت مانگ دوای ئەم کۆبونەوەیە.

ئایا بە پێی گفتەی عەبدالڕەحمان مونیف نوسەری ڕۆمان "ڕاستیەکان وەک چۆنن" لە ڕۆمانەکەیدا جێ دەکاتەوە تا "پلەی زانیاری" خوێنەری "دەربار" بباتە سەرەوە یان مێژوی وڵاتێکی کردوەتە گاڵتە جاڕی خۆی؟

جەنابی جاف بە هەموو توانایەوە تەقالای داوە کە مێژوی چریکی فەدایی و خەسرەوی گوڵسرخی و ڕێکخراوەوە گروپە سیاسیەکانی ئێران وا بشێوێنیە بە یەکدا کە هەموو خوێنەرانی کورد زوان

(ئەوانە کە ئاگاداری) مێژووی ئێران نین بڕیاریکی نا پەسندانەو دوور لە ئینساف بدەن لە سەر مێژووی ئیران. خەسرەوی جاف ئەیەوێت کە خوێنی هەزاران شەهید بە درۆ و دەلسە و بەیان کردندی ڕەفتاری ناشیرین لە لایەن کارکتەرەکانی کتێبەکەیەوە بخاتە ژێر نشانەی پرسیار و پێ شێلیان کات.

**چێژی سکسی ڕۆمانەکە**

پێشەکی بۆ ئەوە لە لایەن ئەم بەگزادە جافە ڕۆشن بیرەوە تومت بار نەبم بە ئەوە دواکەوتم و باس کردنی سکس بە قیزوون دەزانم ئەمەوێ بڵێم کە من سکس بە نیازێکی سروشتی هەموو گیان لە بەرێک دەزانم و یەکێکە لە هەرە جوانترین بەشەکانی ژیان. بەڵام جەنابی جاف بۆ بە هەڵەدا بردنی خوێنەرانی کتێبەکەی هەموو قارەمانەکانی ناو "ڕۆمان"ەکەی نە خۆشن، یان بە شێوەیەک نەخۆشی خستون، ئەووش نەخۆشی سکسی.

نوسەرە کۆنە ساواکیو بەعسیەکەی دوێنێو کورد پەروەرەکەی ئەمڕۆمان، گرینگێیکی تایبەتی داوە بە سکس (گان) کردن. تا ڕادەیەک کە 50% لە کتیبەکەی بۆ تەرخان کردوە. بەڵام ڕووداوە واقعیەکان زۆر بە سەهل و سادە باس ئەکرینو هیچ بایەخێکیان بۆ دانەنراوە. بۆ نمونە خۆێنەر نازانی قارەمانی یەکەم و دووهەمی ((دەربار)) لە سەر چی و لە سەر کام بیرو باوەڕ، لە کوی و دوای چەند دانیشتن بوون بە سیاسی و بڕیاریاندا کە پێکەوە کاری گروپی بکەن. بەڵام خوینەری ((دەربار)) ئاگاداری سات بە ساتی گان کردنیانە. ئەمە تەنیا بۆ ئەم دوو قارەمانە نیە تەواوی قارەمانەکانی ((دەربار)) بە چەشنێک گیرۆدە و ئەسیری گان کردنن و باس هەر باسی گان کردنە لە نێوانیاندا.

بە چەشنی ئەم باسە سکسیانە دوپات دەبنەوە کە خوێنەری نوسراوەکە ئەتوانێ هەر کاتێک کە (فلامەرز و لەیلێ و یان فلامەرز و یاسەمین) یەکتر ئەبێنن دوو سێ لاپەڕە نەخوێنێ بە سەریدا بڕوا. چۆن پێشتر بارها خویندویەتەوە کە ئەمانە چۆن دەس بە گان کردن ئەکەنو چۆن دوای دێنن ئەویش نە بۆ جارێک و دوان بەڵکو هەر کات کە ئەمانە یەکتریان بینوە، وە نە بەم شیوەیە کە من نوسیم بەڵکو وەک خۆی وتەنی بە "وردی" باسی سکسی نێوانیان لە هەر بینینێکدا دوو سێ لاپەڕەی بە خۆوە تەرخان کردوە.

نمونە زۆرن، بڕواننە هەموو ئەو لا پەڕانە کە ئەم قارمانە سیاسیانە یەکتر دەبینن. بەڵام با بزانین ڕای ئاغای جافیش هەر وایە، ئایا خۆشی ئێعتراف بەوە دەکات کە ئەمەبەشە خیاڵاویەی "ڕۆمان"ەکەی زیاترە لە بەشە واقعیەکان. کاتی کە فلامەرز لە لایەن ساواکەوە ئەگیرێیت و ساواک لێ ئەپرسن چۆن پێوەندیکی هەبووە بە "لی لێ" خانمەوە چ دەنگو باسێکی بردوە بە یاسەمین، فلامەرز لە وەڵامدا ئەڵێت "یاسەمین بە پێچەوانە وەک ئافرەتێک ئاڵۆز نەدەبوو" "ناچاری دەکردم لە سیرەوە تا پیازی بۆ بگێڕمەوە. بەوە دەهاتە سەر هەوەسێکی توندو تێژ، یانی لە ڕاستیدا پێوەندی نێوان من و لیلی کردبووە دەستەگیرە و بەڵگەیەکی هەوەس ئەنگیز. ئەمن بە درێژی لەو رفتارەی بێزار بووم" (لاپەڕەی 187 بەرگی شەشەم)

ئەمە کە ئاغای جاف لە بەرگی شەشەمدا زانیوە کە زیادە لە حەد بەهای داوە بە سکسی ناو کتێبەکەی و ئەیەوێت بە جۆرێک سامانی بداتو تاوانەکە بخاتە گەردن قارمانەکانی و نوسەر بێتاوان کات، ڕاست نیە. چون ڕێکخراوەکەی یاسەمین و فلامەرز لە بەر ئەوە بڕیاریان دا کە فلامەرز لە "دەربار" بمێنینەتەوە تا هەواڵەکانی "دەربار" لە ڕێگای یاسەمینەوە بگەێننێت بە ڕێکخراوە. بەڵام بۆ نمونە تەنانەت یەکجار یاسەمین لە فلامەرز یەک خەبەری سیاسی سەبارەت بە کار و باری ناو "دەربار" وەر نگرتووە.

با بزانین هەر کات کە یاسەمین فلامەرزی دەبێنی داوای چی لێ دەکات:
"دەنگو باس چییە
دەنگو باسی چی؟
دەنگو باسی لی لی گیانت. دنگو باسی کاروبارت و هەزار خیزانی حیز و دز.
پیم خۆش نیە لەو باسانەت بۆ بگێڕمەوە
ئاخر ئەمە بێ مەعریفەتیە. هەر نەبێت تۆزیک باسی لی لی خانمم بۆ بگێڕوە"

ئەم پرسیار و جوابە لە بەین دوو مرۆڤی سیاسیدا تا جێگایەک بەردەوامە کە یاسەمین ئەڵێت "ئەی نەت ووت کامتان لە پێشدا دەستان پێ کرد؟
یانی ناچارم بیڵێم
بە کورتیەکەشی ڕازی نابم ناچاری ورد ورد بۆم بگێڕیتەوە"

ئایا ئەم دەنگو باسانە هەر بەوجۆرە بە "ورد ورد" ئەگەیشتە دەس ڕێکخراوە سیاسیەکەی ئەم دوو مروڤە؟ ئایا لە تەواوی "ڕۆمان"ەکەدا ڕۆمان نوس نەکەوتە بیری کە قارەمانێکی ناردووە بۆ "دەربار"ی شای ئێران تا خەبەر و باس بێنێتەوە بۆ ڕێکخراوکە؟ نەدەبوو هەر بۆ نمونە جارێکیش خەبەرێکی ناو "دەربار" جگە لە خەبەری سکسی لە نێوان ئەم دوو قارەمانە جافە کەلاریەدا ڕەد و بەدەڵ ببێت؟

وەک باسمان کرد "ژیلا"ی بەستە زمان ئەو کچە کە ساواک دزیان و لە دوای تەجاوەز و پەت پەتی پێ کردن فیلمەکەیان پیشاندا، لە بەر ئەوە کە ئابڕوی لە ناو زانکوی تاراندا نەڕوات و لە بەر ئەوە کە بنەماڵەکەی بەو فیلمە نەزانن تا ئەو جیگایە کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە هەر بە "ورد"ی باسی سکسی لە گەڵ ساواکیەکان هەیە لە ئاکامیشدا نازنین چی بە سەر دێت.

فەرهاد یەکێکی ترە لە کاراکتەرەکانی ناو "ڕۆمان"ەکە. نوسەری "دەربار" چون بەلایەوە چێژی سکسی "دەربار" کەمەوە هێشتا ئەبێ ئەم بەشەی "ڕۆمان"کە زیاتر کات تا زانیاری خوێنەر بباتە سەرەوە فەرهاد بە شیوەیەکی "وەستاکارانە" حێزی ئەکات. فەرهاد لە گەڵ برادەرەکەی ئیسی کە کوڕێکی هاوتەمەنی خۆیەتی ژیان نامەکەیان تا دوای پێ دێ دو بەشە بەشی سکسی و بەشی ئاسایی، کە بەشە سکسیەکەی لاپەڕەی زۆرتری بە خۆوە ترخان کردوە تا بەشەکەیتر. ئەمە لە کاتێکدایە ئەو کارانە کە فەرهاد کردویە ئیتوانی بیکات و حیزیش نەبێت.

هەر وەها کچیکی خەڵکی سولیمانیە کە بە هەڵەدا ئەچیو عاشقی فەرهاد دەبێ فریو ئەخوا لە گەڵی دێ بۆ ئێران و پاسدار و کومیتەی اسلامی ئەیگرن. بەر پرسەکانی زیندان لە تاراندا هەر ئەو کارانەی لە گەڵدا دەکەن کە ساواک لە گەڵ ژیلا کردیان، تەنیا بەم جیاوازیەکە ئەم کچە زکی پڕ دەبێت. بۆ تێ بێنی ئەم کچە لە بنەماڵەیکی کوردی سولیمانەی دانیشتوی بەغدان کە باوکی یەکەم سەرمایەداری بەغدایە، و کچەکە خۆی زانسگای تەواو کردوە.

ئەم کچە ناوی "کوردە"یە، کوردە لە زانکوی بەغداد لە ڕشتەی ئەدەبی کوردیدا ماجستێری تەواو کردوەو بۆ "نامیلکەی ماجستێر"ەکەشی "بەراوردی شێعرەکەی نالی و مەستورەی" هەڵ بژاردوە، دیارە ئەم هەڵبژاردنەش لە لایەن نوسەرەوە بۆ ئەوەیە کە ئێی مەبادا هێشتا تام و چێژی سکسی "دەربار" کەم بێت با بەم باسە ئەدیبانەیە تەواوی کات. چۆن ئاوا کچیک ئەکەویتە شوێنی کوڕیکی ئیرانی و فریو دەخوات مەگەر هەر بە عەقڵی ئاغای جافدا بگونجێت.

نەگونجاوتر لە هەموو، فرهاد برایەکی هەیە کە هەر بە زکما هەر دوو دەستی نیە ئەم کوڕە کە گەورە دەبێ چون بێ دەستە نازانی چۆن دەست پەڕ بکات. ئیتر ئەوەندە هاوارو "بۆڕە بۆڕ" ئەکات دایکی کە کچە مەلایەکە و زۆر پا بەندی مەسایلی دینیە دائەنیشێ و دەس پەڕی بۆ ئەکات، ئەوەش نە بە خەفیە بەڵکو تەواو منداڵەکانی تریشی بەمە ئەزانن. ئایا شتی وا گونجاوە کە دایکی کوڕێکی کەم ئەندامی عەقڵ ناتەواو دانێشێت و ڕۆژێ دوو سێ جار دەسپەڕ بکات بۆ کوڕەکەی؟ ئەڵبەت ئەمەشم بۆیی باس کرد چۆن بەشێکی کەمی لە "ڕۆمان"ەکەی جافی بە خۆوە تەرخان نەکردوە.

تام و چێژی سکسی ئەم بە ناو ڕۆمانە بۆ بە هەڵە بردنی ڕۆانگای خەڵکە سبارەت بە ئەوانە کە لە ئێراندا گیانیان بەخت کرد و"(دەربار)"ی شا و بەگزادەکانی جافیان ڕوخان. خەسرەو جاف ئەیەوێت بە چەشنێ هەموو شۆڕشگیرانی ئیران وەک خۆی لە قەڵمدات، درۆیان نەکردوە (کافر همه را به کیش خود پندارد).

"ئەگەر ئەو کەسەی ئەو ژیانە دەگێڕێتەوە خۆی تیا ژیابێت دەروشانەوەیەکی زیاتر دەدا بە ڕۆمانەکەو گوڕترو وردو توندو تۆڵتر دەبێت، ئەمە هێچ نەبێ لە ڕووی ئەو واقعیانەوە کە دەیگێڕێتەوە چونکە گەر کەسێک خۆی لەو ژیانەدا ژیابێت دەتوانێ ڕاستگۆیانەتر بیگێڕێتەوە وەک لەو کەسەی لە دوورەوە چاودێری یان ئەو کەسەی بە خەیال دەینوسێ" (تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان عەبدالرەحمان مونیف لاپەڕەی 62)

**ڕۆمان نوس ئەبێت لە ئەدەبی چوار چێوەی جوغرافی ڕۆمانەکەیدا بە توانا بێت.**

کاتی کە "ڕۆمان"ی "دەربار" دەخوێنیتەوە قەت بڕوا ناکەی کە ئەو "ڕۆمان نوسە" لە ئێران ژیا بێت و لە زانکۆی تاران دەرزی خوێند بێت و شارەزای زوانی فارسی بێت. لە بەر ئەوە کە لە چەند شوێندا کە نمونە فارسی ئەهێنیتەوە لە هەموو بارێکەوە غەڵتی و چەوتی تێدایە. پێویست ناکات کە هەموو ئەو نمونانە بێنینەوە، تەنیا بەسە کە بڵێن جەنابی جاف نە ڕوێشتوەو زەحمەتی بە خۆی

نەداوە کە لە مەکتەبەیکی گشتی دیوانێکی حافظ قەرزکات و ئەو شێعرەی حافظ کە لە "دەربار"دا نوسیویەتەوە وەک چۆنە لە دیوانەکەدا بێنوسێتەوە.

ئایا بە ڕاستی کەسێک کە ئێدەعا دەکات ئەدیبە و شەست جلد کتێبی تا ئیستا لە چاپ دراوە، ئەتوانێت و ئیجازەی هەیە ئاو غەزەڵێکی حافزی شیرازی، بەناو بانگترین شاعێری ئێرانی سەروگوێلاک بشکێنی و دای پاچێ بە یەکدا؟ خەسرەوی جاف چۆن شەرم ناکات کە ئیجازەی داوە بە خۆی بە غەڵت شێعری حافز بنوسێتوە و بیداتە دەرخواردی خوێنەری کورد؟ ئایا ئەمانەت داری ئەدەبی بۆ ئەم نوسەرە "دەربار"یە مانای نیە؟

"سەد ڕەحمەت لە ڕەوانی پاکی حافز کە دەفەرموویت:

عاشق روی جوانی خوش نو خاستەام
ز خدا صحبت آورا بە دعا خواستەام
عاشق و رندو نظر بازم و میگویم کاش
تا بدانی کە بچندین هنر آراستەام
شرمم از خرقەای آلودەی و خود می آید
کە برو وصلە بە صد شعبدە پیراستەام
خوش بسوز از غمش ای شمع کە اینک من نیز
هم بە دین کار کمر بر خاستەام"

لەکام دیوانی حافزدا ئەم غەزەڵە ئاو نوسراوەتەوە؟ نوسەرە "دەربار"یەکەمان لە بەر نوسیویەتەوە و ئەوەندە بڕوای بە خۆی بووە و گوێ نداوەتە ئەمانەت داری ئاوا بە سەرو گۆیلاک داپاچاویو نیوەو ناتەواوی نوسیویەتەوە.

با بزانین ئایا لە دیوانەکەی حافزدا ئەم غەزەڵە چۆن نوسراوە،

"عاشق روی جوانی خوش نو خاستەام
وز خدا دولت این غم بە دعا خواستەام
عاشق و رند و نظربازم و میگویم فاش
تا بدانی کە بە چندین هنر آراستەام
شرمم از خرقە آلودە خود می آید
کە بر او پارە بە سد شعبدە پیراستەام
خوش بسوز از غمش ای شمع کە اینک من نیز
هم بدین کار کمر بستە و بر خاستەام
با چنین حیرتم از دست نشد صرفە کار
در غم افزودەام آنچ از دل و جان کاستەام
همچو حافظ بە خرابات روم جامە قبا
بو کە در بر کشد آن دلبر نوخاستەام"
(دیوان حافظ بە سعی سایە، صفحە 380)

**ئەگەر بمانەوێت زیاتر لە سەر ئەم بەناو ڕۆمانە بنوسین هەر وەک وتمان ئەبێ 8 بەرگی لە سەری بنوسین بۆیە لێرە کوتای بە ئەم وتارە دێنین وسرنجی خوێنەرانی بە ڕێز بۆ شەرحی حالی بنەماڵەی جاف کە (سەردار حەسەن) لە عەربیەوە کردویە بە کوردی و لە سایتی دەنگەکان بڵاوکراوەتەوە ڕادەکێشین**

**خالد ئەمین** 2007/05/29
xaledamin@yahoo.com